١-٢

## هەڤپەیڤین لەگەڵ
## " ئەحمەدی مەلا"ی شاعیر و رووناکبیر



# من ئەو شاعیرە نیم کە لە بەهەشتی کوردستان دەرکرابم و لە نێو جەرگەی دۆزەخی رۆژئاوادا بە دیار خەمە نەزۆکەکانمەوە کرۆشکم دابێت

سازدانی: نەوشەفەق

ئەحمەدی مەلا هەم شاعیر و هەم رەخنەگرێکی جوایەزە، ئەزموونێکی چڕ و درێژی هەیە لە پرۆسەی نووسیندا، تایبەتمەندیی خۆی پاراستووە و کەم دەنووسێ، بەڵام نووسینی ئێستێتیکی و بارگاویکراو بە فیکرمان پێشکێش دەکات. رەنگە بێدەنگترین نووسەری کورد بێت، هاوکات دەکرێ بڵێین؛ یەکێکە لەوانەی دوورکەوتووەتەوە لەو هەموو گەرەلاوژە و رقەبەرایەتییەی لەم چەند ساڵەی رابردوودا نێو ئەدیبانی کوردیان تەنیوەتەوە. لە سەروەختی

خوێندنەوەی هەر دەقێکی ئەحمەدی مەلادا، ئافراندن دەرگەکانی خۆی بە رووی خوێنەرانیدا واز دەکات. شتێکی تایبەت نییە شیعرەکانی پێ بناسینەوە، چونکە لە دەقێکەوە بۆ یەکێکی تر تۆوی گۆڕان و نوێتربوونەوە دەچێنێتەوە. ئەوەی هانی دام بۆ سازکردنی ئەم دیمانەیە، دەشێت چەند خاڵێکی گرینگ بن، یەکێک لەوانە: بەشداریکردنی ئەم شاعیرەیە لە پرۆسەی خوڵقاندنی دەقی جوایەز و هەڵکێشراو لە قوڕی جوانی. لێرەدا، لە بارەی گەلێک تەوەر و رەهەند دەدوێ، کە پێوەستن بە ئەدەب و رۆشنبیریی، هاوکات باس لە تەجرەبەی خودی خۆی لە نێو نووسین و وەرگێڕان دەکات و لە منداڵییەوە تا ئێستا و وەستانیش لە هەر وێستگەیەک، کە بە کێشی کردووە بەرەو دوورکەوتنەوە لە نووسینی نووسیارانی هاوزوبان. ئێمە لە نیوەی ئەم دیمانەیەدا بووین، کە کۆی شیعرەکانی چاپ و بڵاوبوونەوە، بۆیە بە پێویستم زانی لە بارەی ئەویشەوە چەند ئێستێک بکەین، بە تایبەتی نووسینی پێشەکییەکە لەلایەن "بەختیار عەلی"یەوە، کە یەکێک بوو لەو نیشانە پرسانەی لە بەردەممدا قووت بووەوە، ئەمەیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەحمەد هەم رۆشنفیکر و هەم تەجرەبەگەلێکی هەن لە بواری نووسیندا، هەم خۆیشی دەیتوانی پێشەکی بنووسێت و چ پێویستی بە ناسرانیش نییە. بە هەرحاڵ، چەند باس لە وەڵامەکان بکەم، ناتوانم وەکو خۆیان وێنایان بکەم، بۆیە وەها باشترە خودی دیمانەکە بخوێنینەوە، دواتریش هەڵوەستەی لەسەر بکەین:

* ئەو هۆکارانە کامانەن کە پەلکێشیان کردی بۆ نێو پانتاییەکانی نووسین و خوێندنەوە، لە کاتێکدا لە نێو کۆمەڵگەیەکی داخراودا گەورە بووی؟

– لە شوێنی تر ئاماژەم بۆ رۆڵی بوونی کتێب لە ماڵەکەی خۆماندا کردووە، کە رەنگە کاریگەریی هەبووبێت لە دروستکردنی خولیام بۆ دنیای خوێندنەوە و نووسین، بەڵام سیاقی دەرەکیی کاردانەوەیەکی میکانیکی بەسەر کەسەکانەوە نییە لە دروستکردنیان، بەڵکو فاکتەری تر هەن، رەنگە ئێمە بە تەواوی نەزانین چین! کۆمەڵگەی کوردستان، لە هەموو روویەکەوە: پەروەردەیی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، سایکلۆجی... هتد، لەسەر پێگەیەکی پتەودا، دانەمەزراوە. سەرجەم ئەو بەرهەمانەی لەم سەد ساڵەی دواییدا هاتوونەتە بەرهەم، پێوەندییەکی ئۆخژنبەخشیان لەگەڵ دەرەوەی خۆیان نەبووە. تێکەڵی و پێکەڵیی لە تەرحە ئەدەبییەکانمانەوە بەدی دەکرێت، سەرەڕای ئەوەی بەرهەمەکانمان، بەرهەمگەلی کۆمەڵگە کشتوکاڵییە دواکەوتووەکانن. تا ئێستەیش بەلاغەتی حوجرەی سەدەکانی نێوەند باکگراوندی پیاوانی قەڵەم بە دەستە. کە دەڵێم حوجرە، واتا مەعریفەیەکی دەم داخراو، واتا کۆکردنەوەی جیهانبینییەک کە چی تر لە توانایدا نەمابوو دنیای وەرچەرخاو بخوێنێتەوە. هەر لە

ئەستێرەناسییەوە بۆ ڕێزمان، لە زانستی تەفسیرەوە بۆ یاساناسی، لە دووپاتکردنەوەی زانیارییەکی پێشینەدا خۆی ساغ دەکردەوە. هەر ئەم بنەما جێگیرەیە پاشان ئاودیوی داوودەزگە پەروەردەییەیە بە ناو نوێکان دەبێت. بە واتایەکی تر، شێکلەکانی خوێندن گۆڕانکارییان بە سەردا دێت، بەڵام پێوەندییەکان وەکو خۆیان دەمێننەوە. ڕۆڵی مامۆستا، ئامانجی خوێندن، ڕۆڵی قوتابی، مەنهەج و شێوەکانی وانەگوتنەوە، هەر سەر بە حوجرە بوون. لە ڕاستیدا من لە دەرەوەی کوردستان فێری خوێندنەوە و نووسین بووم. ئەوەی لەوێ، لە کوردستان فێری بووم، شتێکی ئەوتۆ نەبوو کە شایانی باس بێت.

* ئەگەر تەماشای وڵاتە ئەوروپییەکان بکەین، دەبینین لەگەڵ پێشکەوتنی ڕەوتی ژیاندا، وەکو لایەنی بیرکردنەوەیش گەشە دەکەن، بەڵام بە نیسبەت کوردستان ئەم پرۆسەیە وەها نییە. ئێمە بیرکردنەوەکانمان لاوازن، یاخۆ قووڵ ڕۆناچینە نێو ڕەهەندەکانی کێشە گەورە ئینسانییەکانەوە؟

– پرۆسەی بیرکردنەوە مێژووی تایبەت بە خۆی هەیە. لە لای ئێمە بیرکردنەوە دەمێکە لە کارکەوتووە. لە نێو شارستانییەتی ئیسلامیدا، تا کەوتنی بەغدا، بە شێوەیەکی بەرچاو لە ڕەوتدا بوو، بەو واتایەی کە جۆرە پێوەندییەک لە نیوان فیکری یۆنانی و هیندی و ئیسلامیدا هەبوو؛ بیرکردنەوە لە پێوەندیدا بوو لەگەڵ "عەقڵە گەورە"کە، وەکو ئارکۆن باسی دەکات. دواتر ئەم پێوەندییە تووشی شکست هات. ئەورووپا لە سەدەی پانزەمەوە بە گوڕ هەڵسایەوە، سەرەتا لە ئیتالیا، پاشان لە فەڕەنسا، ئیتر بووژانەوە بوو بە دیاردەیەکی ئەورووپی. گەشت و سەفەرە دەریاییەکان، کەشفی ئەناتۆمی، دۆزینەوە مەنزوور، گەڕانی خوێن، جێگەی زەمین لە کەوندا، گەڕانەوە بۆ تێکستە پیرۆزەکان، لە ڕێگەی زمانی یۆنانی و عیبری، خوێندنەوەی کەلەپووری یۆنانی کۆن و فەلسەفاندن و پرسیار ورووژاندن، بە خۆداچوونەوە و ڕێکخستنەوەی فیکر و ئەدەب و زمان، پەیدابوونی ئامێری چاپ و ڕامان لە ڕێنووس و بیرکردنەوە لە ڕۆڵی زمان و ستێل و شێواز... بیرکردنەوە لە خودی ژیان و پێوەندی دروستکردن لە نێوان زەمین و ئاسمان... لێرە دەبێت ئاماژە بۆ ڕۆڵی ئێراسمووس بکەین، کە چەمکی باخچەی هێنایە کایەوە، کە شەش سفرەی تێدایە، سفرەی یەکەم سفرەیە بۆ لەزەت و جەستە، تا دەگاتە دوا سفرە کە سفرەی ڕوحە، لەو نێوەندەیش سفرەی شیعر و ڕامان و بیرکردنەوە هەن. دەبێت ئاماژە بە ساتمە مێژووییەکانیش بکەین کە ئەورووپا کردنی، قۆناغی کۆلۆنیالیسم و دوو جەنگی جیهانیی کاولکار و هێنانە کایەی سیستمێکی سەرمایەداری، کە ئێستا لە تەنگژەیەکی تایبەتدایە، بەڵام هەوڵەکانی عەدالەتی کۆمەڵایەتی و پەروەردە و خزمەتگوزاری و

دروستکردنی کۆمەڵگەی دامەزراوەیی و پاراستنی مافی مرۆڤ و... هتد، دەیخاتە پێشڕەوی شارستانییەتی ئەمڕۆمان. هەڵبەتە دەبێت پەنجە بخەینە سەر سەرجەم ئەو هەوڵانەی لە پێناو جوایەزکردنەوەی ئاین لە دەسەڵاتی دنیایی، لە خزمەتی ئاین و پێشکەوتن کۆتایی هاتن. دەسەڵاتە کۆنخوازەکانی هەرێمەکانی ئێمە، لە رووناکایی دەترسن، چونکە تەنیا لە نێو تاریکیدا دەتوانن هەڵبکەن. ئینسان بۆ ئەوەی بە رەهایی بیر بکاتەوە، نابێت بترسێت، بەڵام ترس لە نێو دەسەڵاتەکانی لای ئێمە، چ ئاینی بێت، چ دنیایی، یەکێکە لەو تارماییانەی کە رەگی بۆ زیاتر لە دوو هەزار ساڵ رۆچووە و ئامادەگیی هەیە لە نێومان. لە لای ئێمە وزەیەکی زۆر بە فیڕۆ دەدرێت، وەک ئەو زەمانانەی زانایان خەویان لە خۆیان حەرام کردبوو و لە رەگەزی فریشتە رادەمان. بۆ ئەوەی بە رەهایی بیر بکەینەوە، دەبێت ئەویتر وەکو رەگەز، وەکو زمان، وەکو رەنگی پێست، وەکو ئاین، وەکو مەزهەب قبووڵ بکەین، چونکە ئەمە خاڵی سەرەتایە.

* بەردەوام کۆمەڵێک کەس هەن پێیان وایە ئاین نەبێت باشترە، ئەم تێڕوانینە بنچینەیەکی تەندروستی هەیە؟ ئەمە دەرهاوێشتەی دنیای مۆدێرنەیە، یان شتێکی تر؟ هیچ کۆمەڵگەیەک دەتوانێت بە بێ ئاین درێژە بە "بوون"ی خۆی بدات؟ لە هەموو وڵاتێک و لە هەموو ئاینێکیشدا کۆمەڵێک یاسا و تایبەتمەندی هەن، کە پێویستە ئەو مرۆڤانەی قبووڵیان دەکەن بچنە ژێر رکێفیانەوە، ئەگەر ئەم کۆمەڵە یاسا و تایبەتمەندییانە نەمێنن، مرۆڤ دەتوانێت بە شێوەیەکی قووڵ و تۆکمەتر باس لە بوون و ژیان و ئاوەزی خۆی بکات؟ ئاین لە توانایدا هەیە بەرگری لە ئازادی و فیکر و ژیانی تاکەکەس بکات؟ کەنگی ئاین بەربەست دروست دەکات لە بەردەم زیاتر کرانەوەی جیهاندا، هاوکاتیش تا چەند کراوەیە لە بەردەم بەربەستە گەورەکاندا؟ دەشێ "بوونی ئاین" پێوەست بکرێت بە درێژبوونەوەی "بوونی مرۆڤ"ەوە؟

– ئێمە دەبێ لە گەڵ واقیعی حاڵ مامەڵە بکەین. ئەو شتەی لە خەیاڵ و زەینماندایە، مافی تەواوی ئێمەیە، بەڵام توانای سەروەری موتڵەقی نییە بەسەر واقیعدا، بە تایبەت لە وڵاتێکی وەکو عێراق، کە لە دوای غەزووی مەغۆلەکانەوە هەڵنەستاوەتەوە. تا ئێستایش یەکتر سەر دەبڕین، تەنیا لەبەرئەوەی ئەویتر سەر بە هەمان مەزهەب نییە، یان سەر بە هەمان ئاین و زمان نییە. ئەمە نزمترین حاڵەتی ئینسانییە. عێراقییەکان دەبێ بە راشکاوی و بەوردی و بە خۆبەخشین و بە لە خۆبوردییەوە ئینسان دروست بکەنەوە. کە دەڵێم عێراقییەکان مەبەستم لەو

سنوورەیە کە عێراقی ناوە، کورد و تورکمان و یەزیدییەکانیش دەگرێتەوە. بە تەواوی سیستەمی جەنگەڵ سەروەرە. وەکو ماسییە گەورەکەیە، کە ماسیی لە خۆی بچووکتر قووت دەدات و سڵ لە هەراشتر لە خۆی دەکات. عەرەب بەرانبەر بە کورد و کورد بەرانبەر بە تورکمان و... هتد. ئاستی رۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی و بنەمای دەروونیی سەرجەم پێکهاتەکانی عێراق، تا رادەیەکی زۆر پێک دەکات. عەرەب بە کورد دەڵێت با حەجمی حەقیقی خۆیان بزانن و ئێمەش هەمان شت بە تورکمان دەڵێین. حەجمی ئینسان بە زۆریی و کەمیی نییە، بەڵکو تەنیا هەر بوونی بەهایە.

پێوەندیی ئینسانی ئێمە لەگەڵ دەسەڵات سەقەتە. ئینسان زوو هەست بە خواوەند بوونی خۆی دەکات. ئەمە رەنگە لە داستانی گلگامێشەوە مابێتەوە. بە واتایەکی تر، ئێمە هێندەی لە رابردوودا دەژیین، هێندە سەر بە دنیای ئەمرۆ نین. ئەم حاڵەتە تورکیاش دەگرێتەوە، سەرەڕای گشت ئەو پێشکەوتنانەی تورکیا بە خۆیەوە بینیونی.

دەکرێت بڵێین گرفت لە ئاینەوە نییە، بەڵکو لەو ئینسانانەوەیە کە مامەڵە لەگەڵ ئایندا دەکەن. ئاین جیهانبینییەکە نابێت لە کۆڵان و تەنگەبەرەکانی ون ببین. ئەوەی لەلای ئێمە روو دەدات، موتلەقەن پێوەندیی بە ئاینەوە نییە. ئاین رێگەیە، نەک ئامانج. کاتێک رێگە دەبێتە ئامانج، ئینسان گیر دەخوات و بە دەوری خۆیدا دەخولێتەوە.

لێرەدا باس لە فەلسەفەی ئاین و رۆڵە مێژووییەکانی ناکەین، بەڵکو وەک ئەوەی چۆن هەیە، وەها مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین، چونکە لە رووی پێکهاتە دەروونییەکان و کۆمەڵایەتییەکانەوە، ئینسانێکی ئاینی هیچ جوایەزییەکی نییە، لەگەڵ ئینسانێکی بێ ئایندا، ئەمەیش لەبەرئەوەیە کە هەموویان لە یەک سەرچاوەوە ئاو دەخۆنەوە.

ئاین مێژووی دەیان هەزارساڵی هەیە، رۆچووەتە نێو ریشاڵەکانی عەقڵ و ناخەوە. ئاین مێژووی خۆی هەیە و بەشێکی زیندووە، کە فیکری ئینسان و رەهەندێکی قووڵە و سەرنجڕاکێشە، بەڵام دەبێت کێشە بنەڕەتییەکە لە دیدەنیگایەکی ترەوە تەماشا بکرێت، واتە ئاین شتێکی وەستاو نییە، بەڵکو رەنگدانەوەی ئێمەیە، هەروەها دەبێت بە چاوێکی نیسبییەوە تەماشای بکەین.

ئامانجی مودێرنیتە ئەوە نییە کە ئاین نەمێنێت، واتە بانگەشەیەکی ئیلحادیی نییە، بەڵکو رێکخستنی پێوەندییەکانە. ئەوەندەی ئازادیی ئاینی ئیسلامی، بۆ نموونە لە لەندن، یان پاریسدا هەیە، هێندە لە بەغدا و قاهیرەدا نییە، سەرەڕای ئەوەی ئەم دووانە پایتەختی جیهانی ئیسلامیین. ئەوەی گرینگە ئەمەیە کە ئینسانەکان بتوانن بە بێ جوایەزیی ئاین و رەگەز و زمان، هاوشان بژین. بۆ نموونە ئەمە لە ئەوروپادا مومکینە، بەڵام لە ئێراندا مومکین نییە.

ئاین یەکێکە لە ڕەهەندەکانی ئینسان، تاقە ڕەهەند نییە. لەم ڕووەوە دەبێت ئاوڕ لە مێژووی ئاین بدەینەوە. بۆچی ئاینی ئیسلام لە یاباندا نەهاتە کایەوە، ئایا یابانییەکان شایستەی ئەوە نەبوون کە خوا قورئانیان بە دیاری بۆ داگبرێت؟ نەخێر، لە کۆنەوە جۆرە تەماسێک لە گۆڕێدا هەبوو، لە نێوان ئەفسانەکانی میزۆپۆتامیا، هەروەها ئاینی زەردەشتی ڕۆڵی هەبووە لە سەرهەڵدانی یەهودییەت، پاشان سەرهەڵدانی ئاینی مەسیحی، کە وەک شۆڕشێک لە نێو جەرگەی یەهودییەتەوە سەر هەڵدەدات. بڕواهێنان بە خوایەکی تاک. واتە وەحدانییەت، پێش ئیسلام لە کۆمەڵگەی حیجاز، ئەمە لە ئارادابووە، ئەمە لە پاڵ ئەحنافەکانیشدا کە بڕوایان بە دواڕۆژ هەبوو، هەروەها وەسەنییەکانیش کە ئاینی تەقلیدییە هۆزە عەرەبییەکان بوو. ئیسلام وەکو ئاین لە بەتاڵییەوە نەهات، بەڵکو زەمینەی زیهنی لە بار بوو.

ئەللات ناوی مێیینەیە، ئەللایە. هەموو سیفاتەکانی خوا لە نێو کۆمەڵگەی عەرەبیدا، لە ڕووی زمانەوانییەوە وجوودی بووە. ناوی باوکی محەمەد عەبدولا بووە، بە واتایەکی تر، ئەم ناوە کە ئەمڕۆ ناوێکی موبارەکە لە نێو موسڵمانان، ڕەگەزێکی جاهیلیی هەیە. مێژوویییەت لەم ڕووەوە زۆر گرینگە، کە ناسیر ئەبوو زەید کتێبێکی بۆ تەرخان دەکات.

ئاین بە موجەڕڕەدی شتێکە، وەکو مومارەسەش شتێکی ترە. ئاین لە ئێران شتێکە، لە لوبنان شتێکی ترە، لە کوردستان شتێکە، لە نەجەف شتێکی ترە. بۆ ئەوەی باس لەم دیاردە ئێجگار ئاڵۆزە بکەین، دەبێت تەرجەمەی واقیعێکی دیاریکراو بکرێت. ئاینی ئیسلام چەمکی ئوممەی هێنایە کایەوە. ئوممە چەترێکی فراوانتر بوو لە بنەمای هۆز و خێڵ. کۆمەڵگەی حیجاز لەسەر بنەمانی خێڵەکی دامەزرابوو، گرینگیی هەر خێڵێکیش پێوەندیی بە سامان و گەورەیی و بچووکی و بنەماڵەوە هەبوو. ئەگەر محەمەد سەر بە قورەیش نەبووایە، ئایا داهاتووی ئیسلام هەر ئەمەی ئێستا دەبوو؟ محەمەد سەر بە خێڵێکە، کە مافی ئاودابەشکردنیان بە سەر جوایەزندا هەبوو، واتە خاوەن پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بوو، هەڵبەت ئەمەیش فاکتەرێکی مێژوویی ترە لەم ڕووەوە.

ئوممە لە تاکی لاتەریک و پەرتەوازە پێک نەهاتووە، بەڵکو بەهاگەلێک بە یەکتریانەوە دەبەستێت. کەش و هەوای حەج، نوێژ بە جەماعەت، زەکات بەخشین... هتد، چەند گرێبەندێکی کۆمەڵایەتی و ئابوورین، کە تاکەکانی ئوممە پێکەوە دەبەستنەوە هەموو خاوەن دواڕۆژێکن، چ لە خۆشی و چ لە ناخۆشیدا. ئەمە ئیدیالی ئاینی ئیسلامە، ئەگەر لە قۆناغێکی دیاریکراوی مێژووییدا بۆ چەند دەیەیەک مومارەسە کرا، ئەوە لە ڕۆژی ئەمڕۆماندا، بە لاترازانێکی زەمەنی دەکرێ حسێبی بۆ بکرێت.

تاک وەکو ئەندامێکی چالاک، کە توانای بیرکردنەوە و ئیجتیهادی هەبێت، لە سەرەتاکانی ئیسلامدا، وجوودی هەبووە، بەڵام پاشان دەرگەکانی ئیجتیهاد دادەخرێن.

ڕەوتی تەسەوف لە نێو ئیسلامدا شوێنێکی تایبەت بۆ خەیاڵ و چالاکییەکانی تاک تەرخان دەکات، بەڵام زۆربەیان لەلایەن دەسەڵاتی تاکڕەوەوە بە زەندیق ناونووس کران. دەکرێت ئاماژە بۆ هەللاج و سەهرەوەردی بکەین، بەڵام دیسانەوە ڕەوتی تەسەوفیش لە ڕووی ئافراندنی ئەدەبییەوە بایەخی زیاترە، وەک لە ڕووە کۆمەڵایەتییەکەیەوە.

کەواتە ئیسلام هێندەی داوامان لێ دەکات، کە تاک ڕێز لە کۆ بگرێت، هێندە داوا ناکات کۆ ڕێز لە تاک بگرێت. لەسەر ئەم بنەمایە؛ زۆرینەی فیکرە ئیستیبدادییەکان دادەمەزرێن، فیکرەی بەعسیش یەکێکە لە نموونەیترین فیکر کە خۆی لەم پەنجا ساڵەی دواییدا ساغ کردەوە. فاشیسمی ئیتالی و نازییەتی ئەڵمانی و فرانکۆیسمی ئیسپانیا، لەو سەرچاوەیە ئاو دەخۆنەوە کە تاک لە نێو کۆدا دەتوێنێتەوە.

لە نێوان تاک و کۆدا جەدەلییەت هەیە. دەبێ لەو هەدایە بگەڕێین کە هاوسەنگی دەدۆزێتەوە و شکۆ و بەها و مافەکانی تاک بۆ ئینسان دەگەڕێنێتەوە، لەگەڵ چەندین بەها کە کۆمەڵگەیەک لە بەرژەوەندیی هاوبەشدا لە نیوان تاکەکاندا دای دەڕێژێ. کاتێک دەگەینە ئەم هاوکێشەیە کێشەکانی ژنیش لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکان بەرەو نەمان دەچن، واتە ئیشکالییەکان لە پیاوسالارییەوە نییە، بەڵکو لە لاساری پیاوەکانەوەیە.

لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکەی خۆمان، کە کۆمەڵگەیەک نییە لە ژێر سایەی حوکمی ئیسلامییەوە بێت، بەڵام مێژووی دواکەوتن گەورەترین کۆتە لە بەردەم تاکدا. ئەمە پێوەندیی بە ئیسلامەوە نییە.

* لە نێو ڕۆشنبیرانی ئێستای کوردستاندا کۆمەڵێک گرووپ ئامادەییان هەیە، ئێمە دەتوانین بڵێین ئەمانە بنەمایەکی تەندروستیان هەیە، بۆ درێژەدان بە کارەکانیان؟ بۆچی ئەم گرووپانە هەردەمێک و کەسێک وەک "ڕۆشنبیری گەورەی کورد" دەناسێنن؟

– منیش لەگەڵ تۆدا دەپرسم: لە کۆمەڵگەیەکی وەکو کوردستاندا، ڕۆشنبیری گەورە و بچووک چ واتەیەکیان هەیە؟ چ پێوەرێکمان هەیە. ئایا ژمارەی چاپی کتێبەکانە، یان دەرچوونی بەردەوام لە تەلەڤزیۆن و میدیا، یان ڕێگەخۆشکاری دامەزراوە فەرمییەکانە؟ لە سەدا چەندی خەڵکی کوردستان نالی و جزیریان خوێندووەتەوە؟ ڕۆشنبیری چ واتایەکی هەیە لە کوردستاندا؟ کێ ڕۆشنبیرە؟

ئەم پرسیارانە تا ماوەیەکی زۆری دیکە، بە بێ وەڵام دەمێننەوە. ڕۆشنبیری هیچ بارستاییەکی لە گۆڕانکارییەکانی کوردستاندا نییە، دەکرێت بڵێین هێشتا ڕۆشنبیری بە

مانای کولتوور، ڕەوتێکی دیاریکراوی نییە. سەدان کۆوار و دەیان ڕۆژنامە و چەندین وێسگەی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و میهرەجانە بێ ئەژمارەکان ناتوانن کولتوور دامەزرێنن. کۆمەڵگەی کوردی لە دوو- سێ بازنە پێک هاتووە: بازنەی یەکەم هی نووسەرانە، کە هەر خۆیشیان خوێنەری خۆیانن. بچووکترین بازنە؛ بازنەی دووەم خوێندەوارانن کە ناخوێننەوە. بازنەی مامناوەندی؛ بازنە زەبەللاحەکە، کە بە کەماڵی ئیسراحەت بە بێ "کولتوور" دەخەیت.

ڕۆشنبیری بە گرووپ مەیسەر نابێت. لە شەستەکان ڕوانگە و جەماعەتی کفری، لە حەفتاکان گرووپی تر و لە هەشتا و نەوەدەکان چەند تاقم و گرووپی تر دروست بوون، ئێستاش دەیان گرووپۆکە هەن. گرووپەکان کار و کاردانەوەیان بە سەر یەکترییەوە هەیە، بەڵام پێوەندییان بە کۆمەڵەوە نییە؛ ناتوانن بەردێک لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بجەجمێنن. ئەم دیاردەیە لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکان بە زەقی بەرچاو دەکەوێت، لە کوردستانیش زەقتر.

* کولتوور و زمان تا چ ئاستێک دەتوانن یەکتری بەرەو "گۆڕان"کاری ببەن؟

- چەمکی زمان لە گۆڕانکارییەکاندا شوێنێکی دیاری هەیە. تەنیا لە ڕێگەی زمانەوە سەلەفییەک لە ئیکۆلۆجیستێک جوایەز دەکرێتەوە، بەڵام زمانی کوردی وەکو حاڵەتە گشتییەکە لە قەیراندایە. وەکو چۆن بە سەقەتی ئیش لەسەر زمان دەکەین، بە سەقەتیش ئیش لە سیاسەت دەکەین، چونکە پیلانێکی دیارمان لە بارەی ریفۆرمی کشتوکاڵەوە نییە، هەروەها پیلانیشمان بۆ شار و گوندەکان نییە، چونکە نازانین ژێرخانی کۆمەڵ چۆن بنیات دەنرێت، هەروەها پیلانمان بۆ ڕێنووس و چاکسازیی زمانیش نییە. بە کورتیی، ئێمە خاوەن جیهانبینییەکی ڕوون نین؛ کاتێک دەبینە خاوەن زمانێکی ڕوون و ئاشکرا و چوارچێوەڕێژ، ئەوکات ڕەوڕەوەی گۆڕانکارییەکان دەکەوێتە هەرەکەت.

* کۆمەڵگە و تاکی کوردی توانیویانە لەگەڵ ڕەوتی گۆڕانە بەردەوامەکاندا ڕێ بکەن؟

- ڕاستە لە دوای "ڕاپەڕین"ەوە کۆمەڵگەی کوردی لە ئەنفال قوتاری بوو شەڕی مانەوەی دژ بە سڕینەوە بردەوە، بەڵام ئەمە تەنیا سەرەتایە. کاتێک ئینسان لە گرتووخانە دەردەچێت، ئەمە مانای ئەوە نییە کە گرینگ لە دەرەوی گرتووخانەیە، بەڵکو پرۆژەی بۆ ژیان چییە؟ ئەمە گرینگە، چونکە ژیانی کۆمەڵگەیەک بە بێ پرۆژەیەکی ڕوون، دەبێت بە گرتووخانەیەکی گەورەتر.

ئەمڕۆ کورد خاوەن سەتەلایت و مۆبایل و ئوتۆمبێلی تازە بابەت و... هتد، بەڵام ئەم

گۆڕانكارییانە نەك تەنیا هەر شیكلین، بەڵكو ئیستیهلاكین و ئەو پارەیەی كە بابەتەكانیشی پێ كڕاوە، خۆمان بەرهەممان نەهێناوە، واتە پارەی نەوتە. ئێمە موستەهلكین بە ئیمتیاز، ئەمەیش خەسڵەتی كۆمەڵگەیەكی ئازاد نییە، وەك چۆن مۆبایل ئیستیهلاك دەكەین، خیتابی سیاسیش ئیستیهلاك دەكەین.

* چی لەو واقیعە تاڵە بكەین كە خەیاڵ و فەنتازیا ناتوانن بیگۆڕن؟

- خەیاڵ و فەنتازیا دوو قودرەتی ئینسانین، دەبێت تا ئەوپەڕی هێز بە كاریان بێنین. لە لای سوریالییەكان خەیاڵ زۆر گرینگ بوو؛ بۆ بابەتی زانستییش هەر گرینگە؛ بۆ ئافراندنی پیلان و خشتەی كتێبخانەیەك؛ بۆ باخچەیەكیش گرینگە، بەڵام بە بێ بنەمایەكی مادی، دەبێتە خەیاڵپلاوە كوردییەكە.

* "لێسینگ" روانینی وەهایە: "هەندێك كەس بانگەشەی ئەوە دەكەن كە رەخنە رەسەنایەتی لە مرۆڤدا كاڵ دەكاتەوە، بەڵام ئەگەر من رەسەنایەتی و داهێنانم هەبن، ئەوا لە رێگەی رەخنەوە بە دەستم هێناون". ئەم رستەیەی لێسینگ لە كوێوە ناكۆك، یان تەبا دەكەوێتەوە لەگەڵ "داهێنەر" و "داهێنان"ی ئەدەبیدا؟

- سەدەی هەژدەیەمی فەرەنسا، تەواوكاری سەدەی شانزەیەمە، لە رووی پرسیار ورووژاندن و خستنە ژێر پرسیاری دیاردەگەلێكی فیكری، كۆمەڵایەتی. مۆنتیسكیۆ لە رووی كۆمەڵایەتییەوە، رۆسۆ لەلایەن پەروەردەوە، دیدرۆ لەلایەن ئافراندنەوە؛ شوێنپەنجەیان دیارە لە هێنانە كایەوەی كۆمەڵگەیەكی تر. پرسیار دەستەخۆشكی رەخنەیە. ئەم حاڵەتە هێشتا نەگەیشتووەتە كوردستان.

رەخنە كۆمەڵگە لە گشتییەتەوە بەرەو تایبەت دەبات. واتە؛ دەست خستنە سەر برین و تەشخیسكردنی نەخۆشییەكان. گەندەڵی حاڵەتێكی گشتییە، بەڵام تا تەشخیسی فلانە كەس نەكرێت، لە نێو جوغزی گشتییەت دەمێنێنەوە و دەبێت بە خیتابی ئیستیهلاكی. رەخنە گرینگە، بەڵام كاتێك دەسەڵات لە كوردستان باس لە گەندەڵی دەكات، دەیەوێ هەر لە نێو گشتییەت قسە بكات و سوود لە عامیلی زەمەن وەربگرێت... رەخنە خۆی یەكێكە لە كۆڵەگەكانی داهێنان؛ هەموو رەخنەیەك واتە داهێنان.

* یەكێك لە روانینەكانی "دێرك واڵكۆت" وەهایە: "ئەدەب دەمی زمانێك هەڵدەداتەوە، قووڵتر لەو زمانەی مێژوو هەڵی دەداتەوە". ئێمە دەتوانین بەم شێوەیەش بڵێین: لێكۆڵەر و رەخنەگری كوردی قووڵتر دەچنە نێو پێكهاتەی

دەقەکان؟

– پێوەندیی نێوان مێژوو و داهێنان، پێوەندیی نێوان داهێنەر و مێژووە. دەکرێت لە رووداوێکی سادەوە، کارێکی گرینگ بەرهەم بێت، لە هەمان کاتیشدا؛ بەرابەر بە رووداوێکی مێژوویی تراژیدیئامێزیش دەسەوسان بوەستین. داهێنانی ئەدەبی لە نێو مێژوویەکی دیاریکراودا ئیش دەکات، واتە پێوەندیی بە مێژووی زمان و مێژووی ئەدەب و مێژووی سیاسی و... هتد هەیە. ئەدەب بەرهەمی مێژووە، بە مانا پانوپۆڕەکەی، بەڵام بە جۆرێکی تر ئیشی لەسەر دەکرێت.

بۆ نموونە "سترانی رۆلان" کە مێژوونووسانی ئەدەب دەیگەڕێننەوە بۆ کۆتایی سەدەی یانزەم. مەلحەمەیەکە باس لە شەڕێکی مێژوویی نێوان لەشکری شارلمان و ئەمیرێکی موسڵمانی ئیسپانیا دەکات. ئەم مەلحەمەیە سێ سەدە درەنگتر لە رووداوە مێژووەکە نووسراوەتەوە و بێژەرەکەی یان دانەرەکەی مێژوو و ئەفسانەی تێکەڵ کردووە. بە واتایەکی تر، هاتووە مادە مێژووییەکەی ئەدەباندووە و بە یەکێک لە "سترانە" جوانەکانی سەدەکانی ناوەندی فەرەنسیی دەژمێردرێت، هەروەها سەرەتای ئەدەبیشە بە زمانی فەرەنسی؛ یان ڤیکتۆر هیگۆ کە رۆمانی لە بارەی شۆڕشی فەرەنسییەوە نووسیوە. لێرەدا دەبێت ئاماژە بۆ بەرهەمێکی لۆکاش بکەین، سەرباری ئەوەی کە بەم بابەتە درامی مێژوویی و رۆمانی مێژوویی لە یەکتر جوایەز دەکاتەوە. لە درامی مێژووییدا کەسایەتییەکان راستەقینەن، لە نێو رووداوێکی سەد دەر سەد نا مێژووییدا، دەجووڵێنەوە، بە پێچەوانەشەوە رۆمانی مێژوویی کەسایەتیی داهێنراو دەخاتە نێو چوارچێوەیەکی مێژوویی تەواوەوە.

بە شێوەیەکی تر، لە هەردوو تەرح، دەبێت رۆڵی خەیاڵ لە بەرچاو بگیردرێت. بەرهەمی ئەدەبی زادەی خەیاڵە، کە لە سەرچاوەکانی مێژوو ئاو دەخواتەوە. بە رای من، ئەگەر ئەدەب برینگەلی قووڵی ئینسان هەڵدەداتەوە، هی ئەوەیە کە قووڵترن لە برینەکانی مێژوو، چونکە ئەدەب وەکو میکرۆسکۆب لە توێژە پاینەکانی جەستە دەکۆڵێتەوە. ئەدەب جۆرە گۆرانییەکی ناخە لە بەرگی جوایەزدا؛ پاشان ئەدەبیش چەمکێکی زۆر گشتییە.

یەکێک لە گرفتە لە بەرچاوکانی مێژووی ئەدەبی ئێمە ئەوەیە، کە تا ئێستا بە شێوەیەکی روون رەگەزەکان نەخەملاون و ئەدەبی ئێمە زۆر جار ئاراستە کراوە و خەڵاتی نووسەرانی بە هۆکاری بە دەر لە ئیعتیباراتی ئەدەبیی کراوە. پاشان ئێمە هێشتا خاوەن نووسەری پرۆفیسیۆناڵ نیین، رۆڵی دامەزراویش لەم رووەوە زۆر جار کاریگەریی خراپی بە جێ هێشتووە. هەندێک جار تێبینیی ئەوە دەکەین لە نووسەر کە کرێچی دەسەڵاتە، چونکە هێشتا نەبووەتە خاوەن خانووی تایبەت بە خۆی.

* پێـوەندیی نێـوان "دەق" و "چێـژ" لە نێـو ئەدەبی ئێـمـەدا تا دێ کـاڵ و کـاڵتـر دەبێــتــەوە، تا ئێــســـتــاش ئێـــســـتگەلێک بۆ ئەم دوو زاراوانـە نەکـراون لـەلایەن رەخنەگـرانمان، ئەگـەر بڕیارە رەخنـەگرمـان هـەبێت. بۆ ئەوەی تێکەڵاوبوونێکی رەیشئاژۆیی بخوڵقێنین، پێویستە لە کوێوە دەست پێ بکەین؟

– لە زۆر شــوێن ئامــاژە بۆ ئەوە دەکـرێت، کـە پێـوەندیـی نێـوان خـوێنەر و دەق تـووشـی نا هاوســەنگی بووە و خـوێنـەر کـەمــە و... هتـد. نازانم! بەڵام بۆ ئەمـە دەکـرێت ئامـارمـان لە بەردەمدابێت. ئەوەی جێی گومان نییە، پێوەندیی نێوان خوێنەر و دەق وەکو سـاڵانی حەفتا و هەشتـاکان نییـە، چونکە قۆناغـە مێژوویـیـەکان جـوایەزن. ئەگەر جـاران تەنیـا بۆ وشـەی کوردستان دەبووە چەپڵەڕێزان لە هۆڵی شانۆیەکدا، ئەوە ئەمڕۆ بینەر پێویستیی بە حافیزی تر هەیە، بۆ ئەوەی بیکاتە چەپڵەڕێزان. ئایا چەپڵە پێوەرە بۆ کارێکی هونەری؟

جـاران نووســەر لەبەر دەقـێکی مـامناوەند زیندانی دەکرا؛ ئایا لـەبەر ئەوە بوو کـە خـاوەن بەرهـەمـێکی کـۆک بوو؟ نەخـێـر ئەدەبی کـوردی لە ئاووهـەوایەکی زۆر نەسـاغ لە دایک دەبوو. سانسـۆری دەوڵەت و زاتی و ئامانجە دیاریکراوە پێشـوەختەکان و ناکامڵ نەبوونی جیهـانبینی و کەمی مەودای ئـەزموون و... هتد، لەسـەر هەمووشـیـانەوە لە نێو کۆمـەڵگەیەکی سـیخناخ بە عەقڵییەتی تەقلیدی و سوننەتی. ئەمە بە بێ ئەوەی باس لە نەبوونی سەرچاوەی تیۆری، لەمەڕ رێبـازە ئەدەبی و رەخنەییـیـەکانی دنیاوە، بکەین. کـوردسـتـان بە زیندانێکی گـەورە دەچوو... مـەگـەر زۆر دەگـمـەن، ئەگـینا زیندان شـوێنی داهێنان نـیـیـە. چـەمکی "چێـژ" لە کـۆمـەڵگە سـوننەتییـەکاندا بە تەواوی ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە. چێژی جەسـتـە و چێژی روح لە کۆمـەڵگەی سەر بە سەدەکانی ناوەند، ئاوڕ لەم چەمکە ناداتەوە، نەخوازەڵا سەبارەت بە چێژی دەق.

ئـەپیکۆر، فـــەیلـەســـووفی لـەزەت، تەنیـــا لـە ســـەدەی شـــانزەیەم بە دواوە، ســـەرلەنوێ دەخـوێندرێتـەوە و فـەلسـەفـەکـەی شـێـتـەڵ دەکرێت، چونکە سـەرەدمی راپەڕین سـەردەمی ئاشـتکردنەوەی روح بوو لەگەڵ جـەسـتـە، ئەم ئاشـتـبـوونەوەیە هێشـتا لـە کۆمـەڵی کوردەواریدا نەخراوەتە ژێر توێژینەوەوە.

چێژ دەچێتە خانەی موحرەماتەوە، لەم رووەوە دەبێ کاری زۆر جدی بکرێت.

* بۆچـی رەخنـەی بەراوردکـــاری کـــاری لەســـەر نەکـــراوە، بە شـــێـــوەیەک کـــە ســـەرچاوەمـان لەم بـارەیەوە هـەبێت، لە کـاتێکدا دەبوو ئێـسـتـا زیاتر لە جـاران بایەخی پێ درابا، چونکە نائامادەیی لە رۆژگارێکی وەک ئەمڕۆدا، هـەم "بۆشایی" و هـەم "قەیران" و هـەم دەرگـەی "داخستنی سـەردەمێک"یشمان بە رووەدا دەکاتەوە؟

– زۆر لێکۆڵینەوە هەن کە پێویستە لە زانکۆکان ئەنجام بدرێن، چونکە زانکۆ شوێنی لێکۆڵینەوەی زانستییە، نەک کۆوارێکی ئاسایی. ئەم کارە بشکرێ هەست ناکەم بە کۆکی ئەنجام بدرێت، چونکە زانکۆکانی کوردستان سەرچاوەی هەمەگەلیان نییە و دابڕاون لە لابۆر و زانکۆ پێشکەوتووەکانی جیهان. ئەمڕۆ زانست لە جیهاندا لە یەک سەرچاوە ئاو دەخواتەوە، ئەگەر توێژەر دەستی نەگەیشتە ئەو سەرچاوەیە، مومکین نییە بتوانێت کاری زانستی ئەنجام بدات.

ئەگەر ئاستی زانکۆکان هێند نزم بێت، چۆن کادیری ئەدەبی پێ دەگات، تا بتوانێت بە شێوەیەکی مەنهەجی لە ئەدەبی بەراوردکاری و لەو رووەوە لێکۆڵینەوە ئەنجام بدات؟ ئەو کەسەی لە کۆوارە گشتییەکان خەریکی ئەم بابەتانەیە، بە نوقستانی کارەکانی ئەنجام دەدات.

* شیعر و چیرۆک و رۆمانی کوردی، تا چ ئاستێک توانیویانە سوودێکی تەندروست لە ئەدەبیاتی جیهانی وەربگرن و لە بەرژەوەندیی ئەدەب و "داهێنان"ی کولتووری کوردیدا بە کاری بێنن؟

– هەموو دیاردەکان پێوەندییان بە یەکترییەوە هەیە. ئەو خاڵەی لە سەرەوەدا باسمان کرد، پێوەندیی بەم پرسیارەشەوە هەیە. ئێمە پێویستمان بە کادیری پرۆفێسیۆناڵ هەیە لە هەموو بوارەکاندا. لەبەرئەوەی ئێمە باس لە بەرهەمی ئەدەبی دەکەین، دەبێت بەرهەمی جیهانی، بە تایبەت هەرە گرینگەکانیان، تەرجەمەی سەر زوبانی کوردی بکرێن، تا خوێنەر و کادیری ئەدەبی بتوانن لە تەماسدا بن، لەگەڵ ئەو زەخیرە جیهانییانە؛ لێرەوە پێوەندی و تێکهەڵکێشان و کار و کاردانەوە دروست دەبن. کێشەی جیهانی لە نێو نووسەرانی کورد دەمێکە بووەتە مشتومڕ. ئایا بەرهەمی ئەدەبی ئێمە گەیشتووەتە ئاستی ئەدەبی جیهانی؟ ئەمە پرسیارێکی نا بەجێیە، چونکە فاکتەر زۆرن تا بەرهەمێک خەسڵەگەلی جیهانی وەردەگرێت.

تا نەجیب مەحفووز خەڵاتی نۆبڵی پێ نەبەخشرا، ئەورووپا رۆمانی عەرەبیی نەخوێندبووەوە. رەنگبێ تاکوتەرا رۆمانێک دووان وەرگێڕابن، ئەمە سەبارەت بە ئەدەبی عەرەب، کە هەزار و چوار سەد ساڵە زمانەکەیان لە کاردایە، هاوکاتیش خاوەن گەنجینە و کەلەپووری دەوڵەمەندن.

لە نێو نوخبەی فەرەنسی، ئەدۆنیس دەناسرێت، چونکە ئەدۆنیس هەمیشە لە تەماسدا بوو و لە لوبنانیش زمانی فەرەنسی پێگەی خۆی هەیە، جگە لە تێزەکانی ئەدۆنیس، کە ئیش لەسەر تەسوف و سوریالیزم دەکەن، کە ئەمانەیش دوو چەمکی گرینگن لە دوو شارستانیی گرینگدا.

با ئێمە پرسیارێکی تر لە خۆمان بکەین: کۆمەڵگەی کوردی لە چ بوارێکدا بەرهەمهێنەرە، تا لە بواری ئەدەبدا ببێتە بەرهەمهێنەر؟ ئێمە وەک چۆن کاڵای دەرەوە ئیستیهلاک دەکەین، لە شەکرەوە بۆ مۆبایل، هەروەها خیتابی دەرەوەیش بە بەرهەمی ئەدەبییەوە ئیستیهلاک دەکەین. ئەوەی لەسەر حکوومەتی کوردستان پێویستە، ئەوەیە کە کۆمەڵگە بکات بە کۆمەڵگەیەکی بەرهەمهێنەر، ئەوکات دەکرێت باس لە بەرهەمی ئەدەبی و چەمکی جیهانی بکەین.

* ئێستا شیعر و قسەی ئاسایی تێکچڕژانێکی ریشەییان بە خۆوە گرتووە، ئەگەرچی ئەم جۆرەی دەقنووسین لە ئەوروپادا ئەزموون کراوە، بەڵام شاعیرانی ئێمەیش سوودیان لێی وەرگرتووە بە تایبەت تاراوگەنشینەکان، ئەم تێکەڵاوبوون و سوودوەرگرتنە تا چ ئاستێک لە خزمەتی ئەدەبی کوردیدا بووە؟

- کاتی خۆی تەرحی ئەدەبی لە حەجرەوە سەری هەڵدا. شیعر لە ژێر رکێفی بەحرەکانی عەرووز و بەلاغەتی عەرەبی بوو. نووسینی شیعر پێویستیی بە وەستایی هەبوو. هەموو کەسێک بۆی نەبوو خۆی لە قەرەی تەرحی ئەدەبی بدات، ئەگینا دەیانکردیت بە موسەیلەمەی کەزاب.

ئەم پێوەرە تووشی گۆڕانکاری هات. وەزن و قافیە بوون بە بار بە سەر شیعرەوە، چونکە مێژووی وەزن و قافیە لە پێوەندیی لەگەڵ گۆرانی و ئاوازدا بوون. کە شیعر بۆ گۆرانی نەنووسرێت، چ پێویست بە کێش و سەروا دەکات؟ پاشان؛ ئایا کێش و سەروا جەوهەری شیعرن، یان شیکلن؟ گرینگ ئەوەیە کە شیکلی شیعر گۆڕانکاریی بە سەردا هات. هۆکاری تریش زۆرن: زۆربوونی خوێندەوار و نەبوونی سانسۆری کۆمەڵایەتی و کەمبوونەوەی پایەی کۆمەڵایەتیی شاعیر لە کۆمەڵگەدا، وەها دەکات کە قەڵەم هەڵگرتن بۆ نووسینی شیعر زۆر ئاسانتر بێت؛ من بۆ خۆم ئەمە بە دیاردەیەکی تەندروست دەزانم. ئەگەر پێم بڵێن لە نێوان کۆمەڵگەیەکی نەخوێندەوار و کۆمەڵگەیەکدا کە هەموو مرۆکانی کوڵکە شاعیرن، یەکێکیان هەڵبژێرە، من دووەمیان هەڵدەبژێرم.

شیعر قەت میللیی نەبووە! هەر دەستەیەکی کەم لە کۆمەڵگە خوێندەوارەکان خەریکی نووسینی شیعرن؛ شیعر هەمیشە لە قەیراندایە!

شیعر لە ئەوروپادا، بە شێوەیەکی سەیر تێکهەڵکێشی دیاردەکانی تر بووە، بە تایبەت گۆرانی. رەنگە لە رێگەی گۆرانییەوە شیعر زیاتر بگاتە گوێی خەڵک، وەک لە رێگەی کتێبەوە. وەکو لە سەرەوە ئاماژەم پێی دا، خوێنەری شیعر دەگمەنە.

* ئەو هۆکارانە چی بوون کە وەهایان کرد بەختیار عەلی پێشەکی بۆ

کۆشیعرەکەت بنووسێت، لە کاتێکدا خۆت لەلایەنی رۆشنبیریشەوە پەکت ناکەوێت؟

– پێش وەڵامدانەوەی پرسیارەکە، با کورتە مێژوویەکتان بۆ بگێڕمەوە، کە پێوەندیی بە پرسیارەکەتەوە هەیە. ساڵی ١٩٩٤ بۆ جاری دووەم لە فەڕەنساوە بۆ کوردستان گەڕامەوە، ئەوکات بەختیار عەلیم نەدەناسی، ئەوەبوو لە کۆڕێکی شیعریی مندا، کە لە "هۆڵی گەل"، لە هەولێر ساز کرا، ئەو ئامادە بوو، پاشان دوای کۆڕە شیعرییەکە، داوەتی کردم بۆ سلێمانی، تا کۆڕێک بۆ شیعر خوێندنەوە ساز بکەم. داوەتەکەم بە دڵخۆشییەوە قبووڵ کرد، دوای چەند رۆژێکیش لە سلێمانیدا کۆڕەکەم ساز کرد و بەختیار عەلی بابەتێکی لەسەر شیعرەکانم نووسیبوو، هەر لە کۆڕەکەش خوێندییەوە. هەستم کرد ئاگەدارییەکی زۆر چاکی لەمەڕ دنیای شیعر هەیە و ئاگەداری ئەو شیعرانەشە کە لە دەرەوەی کوردستان دەنووسرێن.

پاشان لە رێگەی گۆواری رەهەندەوە زیاتر شارەزای بۆچوونە شیعرییەکانی بووم، هەستیشم کرد رەنگبێ تاقە کەسێک بێت بتوانێت شتێکی تایبەت لە بارەی ئەم کۆشیعرەوە بنووسێت.

* بەختیار عەلی لەو پێشەکییەیدا کە نووسیویەتی، لە سەرەتادا باسی لەمە کردووە کە تۆ یەکێکی لە ئەزموونە دەوڵەمەندەکانی شیعری کوردی، هاوکات فەرامۆش کراویت. گەلێک لە شیعرناسەکانی تریش روانینیان وەهایە، بۆ نموونە "هەندرێن" لەو دیمانەیەی کە گۆواری "رامان" لەگەڵیدا کردوویەتی، ئەزموونی تۆ بەرز دەنرخێنێت، هاوکاتیش ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە دووری لە هوتاف و بە هێمنی دەنووسیت، واتا: دووری لە دەروێش. ئەگەرچی گەلێک شاعیری تریش بەر ئەم لافاوەی فەرامۆشییە کەوتوون، بەڵام هەموویان وەکو یەکتری نین. ئەگەر بێتو تەنیا باس لە ئەزموونی خۆت بکەی لەمبارەیەوە، چی دەڵێیت؟

– ئەوەی "هەندرێن"م نەبینیوە، بەڵام ئەوەی ئەو دەیڵێ وەسفێکی راستە، چونکە من دەمێکە بڕوام بەوە هێناوە کە کردەی نووسین چالاکییەکی فەردییە. نووسین و داهێنان لە نێو کۆگەلدا بایەخەکانیان ون دەکەن و دەچنە ژێر چەترێکەوە کە هی ئەوان نییە.

سەرەڕای ئەوەی کە سەرجەم چالاکییەکانی ئینسان پێوەندییان بە یەکترییەوە هەیە، بەڵام دەبێت رەگەزەکان لە یەکتر جوایەز بکرێنەوە. کاری جەماوەری و ئیش بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەی مەدەنی، جوایەزە لە ئیشی حزبایەتی، ئەویش جوایەزە لە کاری ئەکادیمی. شیعر و رۆمان دوو رەگەزی جوایەزن، سەرەڕای ئەوەی لە دوا پێناسەشدا، هەموو کردەی نووسین یەک شتە.

به راستی ئاسان نییه باس له ئەزموونی شیعری خۆم بکەم. من دەمێکە شیعر دەنووسم، هەر له تەمەنی چوارده ساڵییەوه ئارەزووم بۆ نووسین چەکەرەی کرد. هێندەی نەبرد چوومە بەغدا و خەڵکی ترم ناسی، ورده ورده شتێکی جوایەز له ناخمدا دەجووڵا. پاشان، له سەرەتای هەشتاکان، له جنێڤ گیرسامەوه و دەستم کرد به چالاکی و بەردەوام رەسمم دەکرد و دەمنووسی، له ئەکادیمیای هونەره جوانەکانیش له "بەشی شانۆ"دا، دەمخوێند. له پاڵ خوێندنەوەی شاعیرانی فەرەنسی، به "نالی" و "مەحوی" و "حاجی" و زۆربەی شاعیرانی کلاسیکی کوردیدا چوومەوه. له جنێڤدا هەستم کرد نالیم لەوەو پێش نەخوێندبووەوه. بابەتێکی رەخنەییم لەسەر حاجی نووسی و دەستم کرد به نووسینی بابەتی رەخنەی ئەدەبی، که له کۆوارەکانی دەرەوەی وڵاتدا بڵاوم دەکردنەوه.

پاشان له فەرەنسا دەستم کرد به خوێندنی زانکۆ، هەڵبەته خوێندنی ئەکادیمی بۆ ئێمەی کورد له دەرەوەی وڵاتدا تووشی سەدمەیەکی پۆزەتیڤمان دەکات. ئەوکات تێ دەگەین که سیستەمی پەروەرده له وڵاتی ئێمه لەسەر چ کەلاوەیەک دامەزراوه.

دابڕان زۆر سوودبەخشە، چونکه یارمەتیمان دەدات شتەکان به چاوێکی ترەوه ببینین، واته هەمیشه پێویستمان به مەسافەیەک هەیە، تا له دەرەوه واقیعی کولتووری خۆمان بخوێنینەوه، بەڵام له سەرووی هەموو ئەمانەیشەوه، ئەزموون پێوەندیی به جیهانبینییەوه هەیە، هەر ئەویشه ئەدەواتەکانی شیعر دەخەمڵێنێ و جارێکی تر، به جۆرێکی تر، قوڕه رەشەی شیعر دەشێلێتەوه.

من یەکێکم لەو شاعیرانەی، رەنگه به موفارەقەش بچێت، که زۆر کەم شیعر دەخوێنمەوه، له سەرەتای نووسیندا زیاتر دەمخوێندەوه، بەڵام چەند شاعیرێک هەن هەمیشه بەسەریان دەکەمەوه. مەرج نییه سەرچاوەی شیعرنووسین شیعر بێت. به رای من، ئەوه گرینگه که سەرچاوەکانی شیعرنووسین فره بکرێن. ئەوانەی تەنیا هەر شیعر دەخوێننەوه، بێگومان شیعری زۆر خراپ دەنووسن.

هەر له بارەی ئەزموونەوه، پانتاییی کولتووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەورووپا زۆر دەوڵەمەند و سوودبەخشە، جۆره زەخیرەیەکی له بن نەهاتووه، هەموو رۆژێک شتێکی نوێ له بارەی مێژووی شتێکی دیاریکراوەوه فێر دەبین، چونکه سەرچاوەکانی مەعریفه فرەلایەنن؛ ئەو کەلەپوورەی له ژێر دەستی خوێنەرانه، یارمەتیدەره بۆ ئەوەی هەمیشه خولیای دۆزینەوەی ئاقاری نوێ بێت.

ئەم پانتاییه بۆ هەموو کوردێک، بۆ هەموو پەناهەندەیەک وەکو یەک نییه. به واتایەکی تر، سیاق گشتییه، بەڵام ئێمه دەبێت له تایبەتمەندییەکانی خۆمان بگەڕێین، هەروەها خۆمان لەو "گێتۆ"یانه رزگار بکەین که جالییه رۆژهەڵاتییەکان تێی دەکەون. ئێمه دەبێت لەوه نەترسێین که

شناسنامە ون دەکەین، ونبوونی راستەقینە ئەوانە دەگرێتەوە کە خاوەن شناسنامەی چەقبەستوو و جێگیریان هەیە.
ئەگەر بە جۆرێکی تر باس لە خۆم بکەم، من وا هەست دەکەم کوردێکی ئەوروپیم، زیاتر لەوەی پەناهەندەیەکی کوردبم لە ئەوروپا، ئەمەیش ئەو دەوڵەمەندییەیە کە دەبێت بە دوایدا بگەڕێن.
هەوڵدان بۆ بە دەستهێنانی ئەم فرەکولتوورییە کارێکی دەوڵەمەندکارە، دەبێت ئیشی بۆ بکەین؛ داهاتووی مرۆڤایەتییشە.

* وەک "بەختیار عەلی" باسی دەکات کە تۆ روانینی کەسێکی خۆرهەڵاتنشین و خۆرئاوانشینت تێکەڵ بە یەکتری کردووە، رەنگە ئەمە پێشتر لە هەندێک دەقدا هەستی پێ کرابێت، بەڵام دەشێ ئەو "تەوزیفکردن"ە ئاگاییی لە پشتەوە نەبووبێت، یان نووسەرەکە شکستی هێنابێت لەم جۆرە "تێکەڵکردن"ەدا. ئەو هۆکارانە کامانەن کە کۆمەکیان کردوویت، تا لە رێگەی ئەم "تێکەڵکردن"ەوە ئافراندن خەڵق بکەیت؟

- هەر وەکو لە سەرەوە ئاماژەم پێی دا، من لە ناخمەوە هەست دەکەم تەنیا هەر کورد نیم، چونکە ئەوەندەی لە دەرەوەی کوردستان ژیاوم، هێندە لەسەر خاکی کوردستان نەژیاوم. ئەم "تەنیا هەر کورد نەبوونە" مانای ئەوە نییە هەستکردن بە کوردبوونم تووشی خەلەل هاتووە، نەخێر، بەڵکو بە پێچەوانەوە، ئەو هەستەم زۆر زیاترە، بەڵام شێوەکانی تەعبیرکردن لەم ئینتیماوە تووشی گۆڕان هاتوون.
رەنگە ئەمە لە شیعرەکانمدا بە جۆرێک لە جۆرەکان رەنگی دابێتەوە؛ رۆژئاوا و رۆژهەڵات دەستەخوشکی یەکترن، دوو دیوی یەک شتن، ئەمە تێزی "ئەدۆنیس" یشە. پاشان هەموو شارستانییەکان تێکەهەڵکێشی یەکترن. پێوەندیی نێوان فەلسەفەی یۆنان و فەلسەفەی ئیسلامی، یەکێکە لەو بەڵگانە، بە تایبەت لە کاتی شەڕی خاچپەرستانەوە، ئەم پێوەندییە دەچێتە قۆناغێکی ترەوە، لەو سەردەمەوە. رۆژهەڵات بۆ وڵاتێکی وەکو فەرەنسا، جێی رامانە، هەروەها کاریگەریی شیعری غەزەلی ئەندەلووس بە سەر لیریکای فەرەنسییەوە دیارە، کەلیلە و دمنە لە رێگەی عەرەبەوە دەگاتە ئەوروپا و کارتی ئەستێرەناسی ئەوروپا لە چەندین توێژ پێک هاتووە، توێژێکی هی ئەستێرەناسانی ئیسلامە.
زریابی کوردی لە سەدەکانی ناوەندا، مۆسیقای رۆژهەڵاتی دەگەیەنێتە ئەندەلووس. هەر ئامێری عودە کە گیتار لێیەوە پەیدا دەبێت. ئیبن روشد سەر بە قوتابخانەی ئەرستۆیە و ئیبن

عەرەبی-یش لایەنگیریی ئەفلاتوون دەکات.

ئەم تێکهەڵکێشییە، لە ئیسپانیا زۆر بە زەقیی لە ناو گوند و شارەکان، لە ناو رووبار و دۆڵەکان، لە نەخش و نیگاری میعماریی کڵێسا و کاتێدرالەکان، لە شێوە و هەڵسوکەوت و عەقڵییەت و... هتددا، دەردەکەوێت. ئەوەی ئەوروپا لە رۆژهەڵات جوایەز دەکاتەوە، حەوزی نێوەڕاستە، ئەوەش دەگوترێت کە ئاو قەت نابێتە سنوور، بەڵکو خاڵی بە یەکتری گەیشتنە؛ تەنانەت ناوی حەوز هاتووە، نەک دەریا، ئەمەش مانای ئەوەیە کە پانتاییی ئەو وشکاییەی دەوری حەوزەکەی داوە، گەلێک فراوانترە لە رووبەری حەوزەکە.

بەڵام نابێت جوایەزییەکانیش فەرامۆش بکرێن. با لە شەڕی خاچپەرستانەوە دەست پێ بکەین؛ ئەم شەڕە فەرەنسای پارچە پارچەبوو و سەردەمی دەرەبەگایەتیی لە ژێر سایەی یەک پاپا و یەک ئیمپراتۆر کۆ دەکاتەوە؛ شەڕی نێوان دوو ئاینە بۆ رزگارکردنی خاکی پیرۆز، کە مەبەست لە قودسە، کە دەکەوێتە ژێر رکێفی تورکانەوە. بەرەو رووبوونەوە لەو کاتەوە، لە رووی سەربازییەوە دەست پێ دەکات، هەروەها سەرجەم قۆناغی کۆلۆنیالیی نوێ و دوو جەنگی جیهانیی کاولکار، تابلۆگەلی رەشن لە مێژووی کیشوەرە کۆنەکە.

بەڵام راستییەک هەیە دەبێت فەرامۆش نەکرێت، ئەویش ئەمەیە: ئەو کاتانەی کە رۆژئاوا لە رووی زانست و کولتوورەوە پێویستی بە رۆژهەڵات هەبوو، بە پێی پێویست سوودی لەو سامانە بینی، بۆ هەڵسانەوە و بەردەوامی و گەشەکردنی خۆی.

کەواتە ئێمەیش دەبێت سڵ نەکەینەوە لە سوودوەرگرتن لە هەموو رووەیەکەوە، بۆ ئەوەی چاخە نێوەندەکانی خۆمان بە جێ بێڵین و سەرلەنوێ هەڵبستینەوە. بە مانایەکی تر؛ چارەنووسمان یەک چارەنووسە. لە سەروو هەموو ئەمانەشەوە، سەرجەم کاری ئافراندن و شیعرییەت "بە مانا هەرە فراوانەکەی" سنووری جوگرافی، ئاینی و رەگەز ناناسێت.

لەبەرئەوەی کاری من لەم بوارەدا بووە، بۆیە رۆژئاوا و رۆژهەڵات هیچ جوایەزییەکیان بۆ من نییە. من ئەو شاعیرە نیم کە لە بەهەشتی کوردستان دەرکرابم، لە نێو جەرگەی دۆزەخی رۆژئاوادا، بە دیار خەمە نەزۆکەکانمەوە کرۆشکەم دابێت؛ ئەم جیهانبینییە هەموو رەگەکانی داهێنان هەڵدەقاچێ.

* دوا شیعرت لە کۆواری "رامان"دا بڵاو کردووەتەوە "ئەو شەوەی بوومەوە بە قووڕ"، لە گەلێک دەقی تریشتدا دەستەواژەی "قوڕ"ت خستووەتە نێو دێرەکانەوە، ئەمەش - بە بۆچوونی من - ئیشکردنە لە نێو بوونی تاکەکەس و کۆ، لە یەک کاتدا، بۆیە ئەمە کورتکردنەوەی بوونە، چونکە مرۆ لە رووی جەستەییەوە، بە گوێرەی دەقە ئاینییەکانیش، بنچینەی هەر مرۆیەک تۆپەڵێکە لە قوڕ. تۆ لەم

رەهەندەوە دەخوازیت "بوونی خود" لە هەر روویەکەوە و "بوونی دەق" تێکەڵاو بکەیت، یان هۆکارگەلی تر هەن؟

– لە زۆربەی دەقەکانی مندا ئاماژە بۆ سیمبۆلی ئاینی دەکرێت، بە تایبەت لە "زەردک"، کە لەوێدا شیعر لەگەڵ سوورەتی قورئان تێکهەڵکێش دەکەم. ئەم کارە پێش منیش کراوە و شیعری کلاسیکی پڕیەتی لە نموونەی لەم چەشنە، بەلام من دام براندووە لە رەگە عەقائیدییەکەی، چونکە من هێندەی مامەڵەم لەگەڵ دەقدا کردووە، هێندە بیرم لەوە نەکردووەتەوە کە کێن خاوەنی ئەو دەقانە. دواجار، من هەست دەکەم شیعر وەکو ئاسمانێکی فراوان وایە، کە هەموان دەخاتە ژێر چەتری خۆیەوە. کاتێک دەڵێم ئاسمان، مەبەستم زەمینیشە، یان راستر وایە بڵێم خاکیشە، چونکە هەر ئەو دایکە گەورەکەی هەمووانە.

لەم رووەوە ئاسمان مێتافۆری زەمینە. من شاعیری خاکم، ئەو خاکەی کە هەندێک جار حەز دەکەم بگەڕێمەوە ژێری و لەگەڵیدا بنووم، ئەمە نوستالژیا نییە بۆ مەرگ، بەڵکو نووستنێکی قووڵە.

ئاو و قوڕ و هەوا و خاک، ئەم چوار توخمە سەرەکین، ئایا ئەم مادانە خەونیان نییە؟ گاستۆن باشلار، لەم رووەوە چەندین لێکۆڵینەوەی ئەنجام داوە، بۆ ئەوەی شیعر و زانست لە یەکتری مارە بکات. سروشت پانتاییەکی زۆر حەمیمی لە شیعرەکانی مندا داگیر دەکات؛ سروشتێکی ئینتیباعی نییە وەک لای گۆران بەرچاو دەکەوێت، سروشتێکی مەلحەمی و پاڵەوانبازی نییە، وەک لای شێرکۆ بێکەس بەرچاو دەکەوێت، بەڵکو سروشتێکی حەمیمییە و خەونینەیە و دەبێت بە بەرگی شیعرەکان.

قوڕ لەم رووەوە گرینگە. قوڕ مادەیەکی زۆر سیحرئامێزە. جگە لەوەی رەنگی دەگۆڕێ، هەروەها تامیشی دەگۆڕێ. چ لە قوڕە رەشێکێ خەست گەرمترە، بۆ ئەوەی جارێکی تر هێسکوپلووسکی ئینسان بگەڕێنێتەوە بۆ باوەشی سروشت؟ قەت بە باشی باسی ئەوەمان کردووە کە ئەو گڵەسەرەی دایکان قژیان پێ دەشۆرد، سەرەڕای گرینگیی تەندروستی، چەندیش دەلالەتبەخش بوو، یان ئەو گەرماوانەی لە نێو قوڕولیتە ساز دەکرێن، چەند نەخۆشیی پێستیان پێ چارەسەر دەکرێت؟ ئایا حەمیمییەتی نێوان قوڕ و ئینسان ناگرێتەوە؟ دەستەواژەی کوردی "قوڕبەسەر" دیوێکی تری ئەم چەمکەیە؛ من تەواو بە پێچەوانەوە سەیرم کردووە. ئەو شیعرەی لە "رامان"دا بڵاوم کردەوە، ئاماژەیەکە بۆ پێوەندیی ئینسانی میزۆپۆتامیا و پێوەندیی لەگەڵ قوڕدا. خۆ بێجگە لە دەلالەتە ئاینی و رەمزییەکانی، قوڕ مادەیەکی شیعرییە، وەک ئاو و با، بەلام هەست دەکەم روحی قوڕ زمانپاراوترە لە زمانی با. هەروەها خشتەکانی میزۆپۆتامیا یەکەم تەختەڕەشن بۆ نووسین، کە پێش مێژوو لە مێژوو

جوایەز دەکەنەوە. بێجگە لە ڕەهەندە حەمیمییەکانی بۆ ئێمەی گوندیی کە هەموو بنمیچی بە قوڕ سواغ دراوە و خشتی لە قوڕ دروست کراوە و لە نێو ئەو ملیۆنەها زەرراتی غوبارەی، کە جیهانی ئێمەی پێک دەهێنا، لە دایک دەبووین و گەورە دەبووین و دەمردین.

* لە سەروەختی خوێندنەوەی کۆشیعرەکەدا، ڕەهەندێک کە زۆر سەرنجکێشە، ئەمەیە: لە شوێنێک، ڕوئیایەک، شێوەگوتنێک، گیرت نەخواردووە، بەڵکو بەردەوام لە هەوڵی گۆڕانکاری و نوێکاری، واتە: تەنیا ئیشت لەسەر ڕەهەندێک نەکردووە، بەڵکو گەلێک ڕەهەندی جوایەز، ئەم دیدەیش بە دەگمەن لە شیعری کوردیدا دەردەکەوێت. ئەم فرەڕەهەندییە بۆ مەفهوومی شیعر، دەرئەنجامی چییە؟

– مامۆستایانی ئێمە زۆر شتیان بە هەڵە فێرکردووین و بە هەڵە فێریان کردین، ئەمە تەنیا قۆناغێکی مێژووی کولتووری ئێمە ساغ دەکاتەوە و پێوەندیی بە سیستەمی پەروەردەوە هەیە، کە دەکرێ سەرجەم مەعریفەکانی سەر بە دنیایەکی ئاوابوو بچوێندرێن و لە ڕێگەی بەلاغەتی کلاسیکیی عەرببیەوە دەگەیشتنە ئێمە، لە سەردەمێک لە ڕۆژئاوا، سۆسوێر وانەکانی لەمەڕ سیستەمێکی نوێی زمانەوانی دەگوتەوە، قوتابخانەی براگ ئیشی لەسەر بنەماگەری دەکرد، بێنڤێنیست بە سۆسوێر دەرچووە و... هتد.

ئەمە لە حاڵەتێکدا کە بەلاغەتی کلاسیکی لە توانایدا نەبوو دەقی نوێ بخوێنێتەوە. مامۆستایانی ئەدەبیی ئێمە، ئەگەر سەر بەو قوتابخانەیەش نەبووبن، لە سەرچاوەکانی واقیعیەتی سۆسیالیستیی مێشکیان زاخاو دابوو، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کوردستان تا ساڵی پەنجاکانیش لەو سەرچاوەوە حوجرەوە توێشووی مەعریفی دەقۆزتەوە.

بۆ نموونە؛ کاتێک دیوانەکەی گۆران دەگریتە دەست، شیعرەکانی دابەشکراونەتە سەر چەند بەشێک، لەوانەش: "شیعری نیشتیمانی" و "شیعری منداڵان" و... هتد. ئەم بۆچوونە مەدرەسییە تا ئێستەیش لە نێوماندا باوی ماوە و وەک پێوەرێک تەماشا دەکرێت؛ دەشکرێت بڵێین ئەمە قۆناغێکی مێژوویی بووە لە تێگەیشتنمان بۆ شیعر، بەڵام نوقستانە.

هەندێک جار پرسیاری ئەوەیان لێ کردووم: چۆن ئەو بابەتانەی شیعریان بۆ دەنووسیت؟ بە ڕاستی پرسیارێکە تەنیا تووشی حەپەسانم دەکات و لە توانامدا نییە وەڵامی پرسیاری لەم جۆرە بدەمەوە، چونکە بابەتی شیعر دیدێکی تایبەتە و شێوازێکی تایبەتە و زمانێکی تایبەتە.

بە داخەوە، تا ئێستاش لە دەمی گەورەترین شاعیر شتی سەیر دەبیستین، کە گوایە جاران شیعرەکانی کردبوونە قوربانی گەل، ئێستایش دەیەوێت شیعر بۆ خۆی بنووسێت. ڕستەگەلی

وەها خـوێنـەرانمان تووشی چەواشـە دەکـەن، چـەواشـەیەکی فـیکری و لە سـەروو ئـەمـەشـەوە چەواشـەیەکی شیعری. گوایـە دوو جۆرە شیعر هـەن، یەکـەمیان سـەر بە "گەل"ە و بۆ مەسـەلە رەواکـانی دەنووسـرێت، جـۆرەکـەی تریش "شـیـعری زاتی"یـە، ئەم تێنەگـەیشـتنە تەنیـا بـەرەو کوچەیەکی بنبەستمان دەبات، تەنانەت لە پێشکەوتنی راستەقینەیش دوورمان دەکاتەوە: چ شیعری، چ مەسەلە رەواکانی گەل. کەواتە شیعر ئاراستەیەکی دیاریکراوی نییە. هەیە ئەم راستییە دەزانێت، بەڵام نەیتوانیوە تەرجەمەی بکات، نەیتوانیوە بیترنجێنێتە نێو دەقەکانی، چونکە شیعر لە کەڵەکەبووی تیۆرییەکانی ئەوی تر پێک نەهاتووە، بەڵکو لە هەنگاوی تاک پێک دێت. شیعر لە پێناو شتێکی دیاریکراو، بۆ وریاکردنەوەی میللەت و رۆشنبیرکردنی حەشامات و گـەیاندنی مـیللەتێک بەرەو ترۆپکی سـەرکـەتن نانووسـرێت، بەڵکو وەک تیشکی هەتاوە، لە پنتێکەوە لە دایک دەبێت و بـە هـەموو لایـەکدا بڵاو دەبێتـەوە، دەگاتە خـەڵک و ناگات. نامـەوێت ئەمـە ببێتە پێناسە و ناشمەوێت تەزوویەکی رۆمانسییانە وەربگرێت، چونکە لە دوا پێناسـەدا هەر خوێنەر خۆی ئەم حاڵەتە وەردەگرێت و مامەڵەی لەگەڵدا دەکات و دەبێتە پێوەر بۆی.

زۆر جار شیعرێک دەخوێنینەوە و مەبەستەکان وەکو ئاژەڵێکی گەلحۆ، دێن لە ژێر پێیەکانت پاڵ دەکەون، ئا ئەمەیە شیعری ئاراستەکراو بە ئایدیۆلۆجیا، بە ئاین، بە رەوتی سیاسی، بە ناوی ئیلتیزامەوە، بە ناوەی فێمینیسم و کێشەکانی ژنانەوە،... هتد.

ئەمڕۆ ئێمە لە سەردەمێکی زۆر جوایەزدا دەژین، هەموو ئەو خاڵانەی لە سەرەوە باسم لێوە کردن، رەوایی خۆیان هەیە، بەڵام کاتێک شیعر دەکەینە ئامرازی وشیارکردنەوە، ئەوە تەنیا هەر دەروێش دروست دەکەین، چونکە ئێمە پێویستمان بە وشیارییەکی لێپرسراوانەی لێواولێو لە ئاگـایی هەیە، نـەک یاریکردن بە سـۆز و عـاتیـفـەی کـورتبین، کـە دوو جـار زیانەکـانی لە سـوودەکانی زیاتر دەبن، چ بۆ کردەی شیعر، چ بۆ مەسـەلە رەواکان. بە واتایـەکی تر، نابێت رەهەندە عەقڵانییەکانی شیعر فەرامۆش بکەین.

کەواتە؛ شیعر خاوەن یەک رەهەند و یەک بینین نییە. شیعر کۆی گشت رەهەندەکانە. لەسەر چڵێک ناگیرسێتەوە و لەسەر لووتکەیەک هەڵناکات و تەنیا هەر بەرەو ژووریش هەڵناشاخێ، بەڵکو لە گەڵمانە، لە هەموو شکست و نسکۆکان لە گەڵماندایە.

چۆن دەکرێت شـیـعـر بۆ ژن بـنووسـرێت، لە کـاتێکدا زارۆک و ئاو و ئاگـرمـان فـەرامـۆش کردبێت؟ چۆن شیعر تەنیا بۆ جوانیی بنووسرێت، لە کاتێکدا دەوروبەرمان ناشـیرینییـە و لەگەڵیدا دەژین؟ ئایا شیعر عەوداڵییە بەرەو پاکیزەیی و جوانی و تەهارەت؟ نـەخێر، شیعر ئامـانجـێکی تری نییـە لە خـۆی زیاتر، بـە بێ ئەوەی لە نێـو نێـرگسـییـەت و کـەفـوکـوڵە بێ ئەژمارەکانی زاتیشدا نوقم و سەرگەردان بووبێت.